# قائانی لە ماڵی سەدر

12-02-2022

### نووسەرەکان

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** لەو کاتەوەی دۆسییەی عێراق و ئاڵۆزییەکانی لای سوپای پاسدارانە، چی قاسم سولەیمانی فەرماندەی پێشووی سوپای قودس و چی جێگرەوەکەی، لە قۆناخە گرنگەکاندا پێیان لە بەغدا و نەجەف نەبڕیوە، بەڵام هەمیشە سەردانەکان نهێنی و نافەرمی و لە ژوورە تاریکەکاند ابوون. لەکاتی بەڕێوەچوونیان یان دواتر لە سۆشیالمیدیا یان بەناڕاستەوخۆ هەواڵ و زانیارییەکانیان دزەیان پێکراوە بۆ رای گشتی

| RRC

یاسین تەها|

لەو کاتەوەی دۆسییەی عێراق و ئاڵۆزییەکانی لای سوپای پاسدارانە، چی قاسم سولەیمانی فەرماندەی پێشووی سوپای قودس و چی جێگرەوەکەی، لە قۆناخە گرنگەکاندا پێیان لە بەغدا و نەجەف نەبڕیوە، بەڵام هەمیشە سەردانەکان نهێنی و نافەرمی و لە ژوورە تاریکەکاند ابوون. لەکاتی بەڕێوەچوونیان یان دواتر لە سۆشیالمیدیا یان بەناڕاستەوخۆ هەواڵ و زانیارییەکانیان دزەیان پێکراوە بۆ رای گشتی، بەڵام لە ئێوارەی (8ی شوباتی 2022) نووسینگەی تایبەتی سەدر لەڕێگای بەیاننامەیەکی کورتی 20 وشەییەوە بەفەرمی ئاشکرایکرد کە موقتەدا سەدر پێشوازی لە ئیسماعیل قائانی کردووە، ئەمەش پێشهاتێکی نوێیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەم میوانە کە هەندێك باس لەوە دەکەن هەم میوانە و هەم خانەخوێیە .

بەیاننامەکەی نووسینگەی سەدر هەر وەك جاران موقتەدا سەدری بە "سماحة القائد" ناوبردووە، لە بەرامبەردا میوانە ئێرانییەکەی تەنیا بە "حاج ئیسماعیل قائانی" ئاماژەپێکردووە، بەبێ ئاماژەکردن بەنازناوەکانی "ژەنەراڵ" یان پۆستی "فەرماندەی فەیلەقی قودس"، وەك ئەوەی سەردانەکە زۆر تایبەت و کەسێنی بێت یان نەیوستووە گرنگی زۆری پێبدات. ئەم خۆ بواردنەش لە دانپێدانانی نازناوە ئێرانییە زۆرو زەوەندەکانی بەرپرسانی رژێمی کۆماری ئیسلامی، نەریتێکی نەجەفیانەی باوە و بەر لەویش، ئایەتوڵڵا سیستانی کاتێك ویستی سەرەخۆشی بکات بۆ مردنی رەفسەنجان (2017 )، لە پێناو ئەوەی دان بەنازناوەکانی خامنەیی نەنێت "رێبەری شۆرش و وەلی ئەمری موسوڵمانان"، راستەوخۆ نامەی بۆ خێزانەکەی رەفسەنجانی نارد، لە کاتێکدا کۆچکردوو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای بەرژەوەندییەکانی رژێم بوو .

بەگوێرەی ئەو فۆتۆیەشی لەپاش دیدارەکەی سەدر و قائانی بڵاوکراوەتەوە، سەدر لە کۆبوونەوەکە یان دواتر) چەتفییەکی عێراقیانەی عەرەبی) لە ملدا بووە وەك هێمایەك بۆ نیشتمانپەروەری، لەپاش میوانداریيەکەش بۆ 22 هەمین جار دروشمی "حکومەتی نیشتمانی" لەسەر کاغەزێك بە قەڵەم جافی سوور تویت کرد، لەگەڵ گێڕانەوەی دروشمی "لا شرقية ولا غربية" کە ماوەیەکە کاڵی کردووەتەوە. ئەم دروشمەی کۆتاییش جێگەی مشتومڕێکی گەورەیە کە ئاخۆ سەدر مەبەستی چییە لە کاتێکدا بلۆکی رۆژهەڵاتی جاران "سۆڤییەت" هەرەسی هێناوە، لە لۆکەیشنی جوگرافیشدا ئێران بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەری رۆژهەڵاتی عێراقە.

هەموو ئەم ئاماژانەشی کە لەپاش سەردانەکەی قائانی لە حەنانەی ماڵی سەدرەوە دەرچوون، لەکاتێکدایە سەرچاوەکانی "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" باسیان لە بەرزکردنەوەی ئاستی داواکارییەکان و یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکانیان دەکرد، پاش گەڕانەوەی ئەم جارەی ئیسماعیل قائانی و بەدوای ئەوەشدا بەیاننامەیەکی سێ خاڵییان خستەڕوو کە زیاتر جەختکردنەوەبوو لەسەر داواکارییەکانی پێشوویان کە دەکرێت ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە کە سەردانەکەی قائانی نەیتوانیوە هیچ لە پێداگرییەکانی سەدر بگۆڕێت و دۆخەکە هەروەك جاران لەنێوان هەردوولادا لەیاری پەت راکێشان دەچێت.

لە سەردانی پێشوویدا بۆ نەجەف (ناوەڕاستی کانونی دووەمی 2022 )، ئیسماعیل قائانی چووە سەر گۆڕی باوکی سەدر "محەمەد سادق" و هەردوو کوڕەکەی "مستەفا و موئەمەل" کە مێژوویەکی تاڵیان لەگەڵ مامەڵەو هەڵمەتی ئێرانییەکان هەبووە، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوە پێکراوەکان ئەم موجامەلەیە نەبووە هۆی کردنەوەی دەرگای حەنانە بۆ ئەم میوانە ئێرانییە رەزا گرانە کە ئەرکی گەیاندنی هۆشداری و گوشارکردن و بەدەستهێنانی گەورەترین دەستکەوتە بە کەمترین کات لەسەر هەمان میتۆدی پێشینەکەی؛ "قاسم سولەیمانی"، هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەدر حەزی لەم جۆرە میوانانە نییە کە گوشاری لێ بکەن یان هۆشداری پێ بدەن بەتایبەت کە هێشتا لە شاگەشکەی یەکەمبوونی لیستەکەیدا دەژی و هەموو خەڵك چاویان لە هەژماری تویتەرەکەیەتی بۆ راگەیاندنی مەرج و هەڵوێستەکانی، یەکێك لە بڕواپێکراوترین یاریدەدەرەکانیشی "حازم ئەعرەجی" خۆی پێنەگیرا و چەند رۆژێك بەر لە ئێستا وتی " ئێستا حەنانە سەرچاوەی بڕیاری سیاسی و شەرعی عێراقە" بەڵام دواتر ناچاربوو لەژێر گوشاری خۆپیشاندان و بە رێنمایی سەدر پۆزش بهێنێتەوە و لەبری لێدوانەکەی پێشووتری بڵێت "مەرجەعییەت چاوگی بڕیارە".

هەندێك زانیاری باس لەوە دەکەن عەلی خامنەیی رێبەری شۆرشی ئێرانی لەگەڵ ئەوە نییە لایەنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی پەرت ببن و هەندێکیان لەگەڵ سەدر بچنە ناو حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی"، ئەمەش لەلایەك ئامانج لێی سنووردارکردنی پەراوێزی جموجوڵی

سەدرە کە لە ناو شیعە ئیستا تەنها کەوتووەتەوە، لەلاکەیتر بەدیهێنانی ئامانجی ستراتیژیی ئێرانە لە بابەتی پاراستنی یەکڕیزی شیعەی عێراق و دوورخستنەوەی ئەگەری چوونەدەرەوەی حوکمڕانییە بۆ دەرەوەی ئەم تایفەیە، بەڵام سەرچاوەکانی حەنانە باس لەوە دەکەن سەدر هەمان هەڵوێستەکانی پێشووی بۆ میوانە ئێرانییەکەی روونکردووەتەوە کە ئەو لاری نییە هەندێك لایەنی ناو "چوارچێوەی هاوئاهەنگی" لە حکومەتدا بەشداربن، سەبارەت بە نوری مالیکیش وتوویەتی "پێشتر چانسی خۆی وەرگرتووە لە حوکمڕانی و با ئەم خولە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن بگێڕێت"..

میدیا و سۆشیال میدیای سەدری و نزیك لەم رەوتە وەهای پیشان دەدەن سەدر بەربەستی بەردەم حوکمکردنی ئێرانە، لە بەرامبەریشدا رکابەرەکانی شاگەشکەن بەوەی کە دواجار سەدریش بوو بەیەکێك لە گوێگرەکانی قائانی و نەیتوانی تاسەر خۆی لێ بکاتە نەدیوو و نەناس، هەندێکیشان تەحەدای ئەوە دەکەن سەدر لە ئامادەیی خامنەییدا چەتفییەی عێراقیانەی لەملدا نەبووە و وێنەکە هی دواترە، سەرجەم ئەم رکابەرییانەش لە سایەی دۆخێکی گرژدایە لەنێوان هەردوولا کە لە پارێزگای میسان (عەممارە) گەیشتووەتە رادەی تیرۆری کەسایەتی و چالاکەکانی عەسایب و هەردوولا و لەبارەی ئەوشەڕە خوێناویشەوە سەدر و خەزعەلی بەراشکاوی و لەرێگای تویتەرەوە پەیامیان گۆڕیوەتەوە و هادی عامریش داوای هێورکردنەوە دەکات بۆ ئەوەی کێبەرکێی شیعە _ شیعە بۆ شەڕی خوێناوی درێژخایەن پەلنەکێشێ.